السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# هەرکەسێک بڵێت: ڕازیم بەوەی ( الله ) پەروەردگارم بێت، ئیسلام ئاینم بێت، وموحەمەد پێغەمبەرم بێت؛ ئەوا چوونە بەهەشت بۆ ئەو کەسە مسۆگەر دەبێت

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک بڵێت: ڕازیم بەوەی ( الله ) پەروەردگارم بێت، ئیسلام ئاینم بێت، وموحەمەد پێغەمبەرم بێت؛ ئەوا چوونە بەهەشت بۆ ئەو کەسە مسۆگەر دەبێت».

[سەحیح - ڕاست] [(أبو داود) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە هەرکەسێك بڵێت: (ڕازیم بەوەی -الله- پەروەردگارم بێت)؛ وپەرستراو وپەروەرێنەر وپادشا وگەورە وچاکسازی هەموو کاروبارێکم بێت، (وئیسلام ئاینم بێت)؛ بە هەموو حوکمەکانی لە فەرمان ونەهی کردنەکان، (وموحەمەد پێغەمبەرم بێت)؛ ونێردراوم بێت لەگەڵ هەموو ئەوەی پێی نێردراوە وگەیاندوویەتی بە ئێمە؛ ئەوا چوونە بەهەشت بۆ ئەو کەسە مسۆگەر دەبێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65906

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee